# شەبەکەی دژ بەناردنەوەی پەنابەران پشتیَنەیەکی ئینسانی دژ بەناردنەوەی پەنابەران دروست دەکات

***سوید:یوتۆبۆری6-4-20011:***

سەرچاوەی هەواڵەکان لە سویدەوە رایانگەیاند"شەبەکەی دژ بەناردنەوەی پەنابەران(ئەکشن مود دیپۆرتەیشن) دۆێنێ شەوبەردەم گرتووخانەی دەستبەسەر کۆلەریەت دەگرن بەمەبەستی بەرگرتن بە ناردنەوەی 30 پەنابەری عیَراقی بۆ بەغدا"

توفیقی محمدی هەڵسوراوی شەبەکەی دژ بەناردنەوەی پەنابەران ووتی"هەوڵەکانی ئیَمە بەدەوام دەبیَت لە پیَناو بەدیهیَنانی خواستە ئینسانیەکانی پەنابەران بۆ ئەو مەبەستەش چالاکی جۆراجۆرمان لەدەستوری خۆمان داناوە" ئەوشی ووت" رۆژی یەك شەمە 10-4 لەلایەن شەبەکەی دژی راسیزمو فاشیزم لەشاری یۆتۆبۆری خۆپیشاندانیَکی جەماوەریمان راگەیاندوە بۆ داکۆیکردن لەپەنابەرانو راوەستانەوە دژ بەدیپۆرتی پەنابەران. داواکارم سەرجەم پەنابەران لەم خۆپیشاندانە بەشداری بکەن"

دەشتی جەمال سکرتیَری فیدراسیۆن سەبارەت بە چالاکیەکانی شەبەکەی دژ بەناردنەوەی پەنابەران ووتی"سەربەخۆ لەوەی ئەو هەوڵەی شەبەکەی دژ بەناردنەوەی پەنابەران توانیویتی ریَگا بگرێ لە ناردنەوەی ئەو پەنابەرانە یان نە، هەولیَکی هیجگار دڵسوزانەیەوە جیَگای ئەوپەری تقدیرە.ئەوە نیشانی ئەدا بەرەیەکی تر وهیَزیَکی دیکە هەیە لەپیَناو پاریزگاریکردن لە ژیانو دەستکەوتە بەنرخەکانی بەشەریَت قولیان هەڵمالیوە بەشیوەی جۆراجۆر نارەزایەتی دەردەبرن. بۆیە گرنگە ئەو هیزە گەورەبکەینەوە لەجیاتی دەیانکەس سەدانکەس بەشداری تیا بکەین و بەدڵنیایشەوە دریژەدانی ئەم هەولانە دەتوانێ سیاسەتی راستی ئەم حکومەتانە پاشەکشێ پیَبکات"

بۆ بینینی ئەو چالاکیە بروانە ئەم لینکە ڤیدیوییە:

http://www.tv4play.se/nyheter_och_debatt/tv4nyheterna?title=tumult_vid_demonstration_for_utvisade&videoid=1568991

بۆ زیانیاری لەسەر ئەو چالاکیانە پەیوەندی بکەن بە ژمارە تەلەفونی(0739809990)

IFIR:PO.BOX1575, ILFORD, IG1 3BZ, LONDON UK:CONTACT:00447856032991
ifir@hotmail.co.uk www.federationifir.com www.csdiraq.com Or 00447895636633